# کورد ریز لە دلسوزان و داهینەرانی خۆی ناکریێ....!

**سەید حکیم بەرزنجی**

## بەشی یەکەم

## (حەسەن زیرەک)

حەسەن زیرەکی دەربەدەرو بێ ماڵ و هەزار ئەو هەزارە دەولەمەندەی لە هونەر دەولەمەند! دەولەمەندی لە هونەر هیچ کەم نەبووە هونەرمەندی جیهانی ئەویش (چونکە کورد بوو هونەر هیچ سوودیکی بو ئەو نەبوو) کورد قەدری خۆی و هونۆرۆکۆیان نەدەزانی و لە گەڵ داگیرکەران نگوانیش ئازاریان دەدا ئازاری رۆح و جەستەی ئەو هونەرمەندەی کە رۆح و جەستە و هونەرەکەی خۆی لە خزمەتی میللەتەکەی دانا کە چی هەر ئەو میللەتە ناچاریان کرد دواجار هیوای مردن بخوازێ و بچیتە ژیر کلەوە! بۆ ئەوەی بەشەری کورد نەبینێ ئەو بەشەرە کوردانەی کە رێز لە هونەر ناکرن.

بەڵێ حەسەن زیرەک چووە ژیر گلەوە بەڵام چوونێکی ئاسایی نا بەڵکە چوونە ژیر گلیک و مردنیک بە ژەهری ساواک کەچی ئێستایش پاش ٤٣ ساڵ دوای ئەو مردنە هێشتا هەندێ کەس لە نیو کورد دا نەک هەر رێزی خۆی و هونەرەکەی ناکرن بەڵکوو زیرەک بە جاسووس ناو دەبەن و هەندیکی تر بە بێ رەوشت و هەندیکیش بە چاوەشی دەزانن!!

مامۆستا زیرەک عبدولی حەمە باقی دەڵێ کورد بەختەوەر بوو کە زیرەک کورد بوو کە چی زیرەک بەدبەخت بوو چونکە کورد بوو.

تاریکی ژیاندا گوزەر دەکات ئەم گوزگرە قوناغی ناخۆش ناخوشتر پیکیان دەبەستیتەوە لە نێوان برسیەتی و بێ کاری و بێ جێگەیی و نەخوشی دا جیگورکێ و ئازارو گیژی دەکات و پێیەکی لە هەڵاتن و یەکی لە بەندیخانە دەبێ جەمیک نانیکی گەرمی بە ئاسوودەیی ناخواو شەویک لەسەر نوینیکی نەرمی ئاسوودەیی ناخەوێ زیرەک ئەگەر لەم تەمەنە بچوکەی منداڵی و میردمنداڵی و هەرزەیی و گەنجییەوە بەکرێکاری و چاو ساغی و قاوەچی و تووتنچی و قاجاغچی و شاگردو شوفیری و شاگرد کەبابچی و شاکردی حاجی و مەیتەریی و پیاوی خان و چەتەی و زۆر کاری تر کە لەم کارانە ناچار دەبێ شەڕ بکات و گویی سوانان بڕۆخینی و پێشهاتی نەخوازراوی بێتەرێ و لەوەرگەرانی ماشیندا گەنجیک بکوژێ و زیرەک ناچار دەبێ سەر هەلبگرێ و خۆنەداتە دەست دواچار بێ و خۆی رادەست بکاتەوە و بخزیتەوە بەندیخانە هەر چەندە خۆی دەڵی: لە مردنی ئەو گەنجە خەتام تیا نەبووە بیللا دواجار ئەم هەموو سەراو دەراوە زیرەک لە نیو جوگرافیایە کی فراوانی ناوچەییدا سەرە و خواروو سەرە و ژێر دەکات لە بۆکان و تەواوی موکریان و گوندەکانی دەوروو بەری شارەکانی مهاباد و سنە و سەقز و کرماشان و تەوریزو تاران و تا دەکاتە خوزستان و بەسراو رەشەبای بەدبەختی غلوری دەکاتەوە.

ئەگەر بیکاری و بێکەسی و ناچاری سەری پێ هەڵدەکرێ بۆ ئەوەی ئەوا باری خراپی ئەویندەریش ناچاری دەکاتەوە روو بکاتەوە وولات!؟ لەم هاتنەوەیە دا سەر بە ماڵە براو برازن و خزم و دا دەکرێ بەڵام ئەوانیش روویەکی خۆشی نادەنێ ناچار و بێ ئومید روو بە دیوی عێراق دەبەریتەوە و لە پینجوین بۆ سلێمانی و لە سلێمانیەوە بۆ کەرکوک و هەولێر و موسل و تا دەکاتە بەغدای پایتەخت لە بەغدا دەبیتە شاکردی (هوتیل شیمال) زیرەک لەم هەموو کار کردن و دێ و شارو وولات گەرانە دا ئەگەرچی بەخت و قەدەر و پێشهاتەکانی باش نابن بەڵام بەردەوام دوو سەرمایەی خۆدی خۆی هەبوو و بەکاری هێناوە یەکەمیان زیرەکی و لێهاتوویی زیرەکی لە هەرکاریکدا کە کردوویەتی هەتا ئەگەر بە ناچاریش بووبێ هەمیشە زیرەکی و لێهاتوویی خۆی نواندووە و سەرنجی خەڵکەکەی بۆ ئازایی و زیرەکی خۆی راکێشاوە جا کارەکە چ شاکرد کەبابچی بووبێ یان تفەنگچی دووەمیان دەنگ خۆشی و هونەری گۆرانی کوتنەکەی هەر لە دە و یازدەساڵیەوە لە هەر کوێ دەنکی هەلیناوە دەوروو بەری کروو ئەبلەق کردووە و خەڵکەکە لە خوشی و دەنگی و توانایی ئەم منداڵە گەورە و بچوک دەکەونە پیدا هەلگووتنی

رێکەوتی: ٢٧ی ئاگۆستی ٢٠١٥

کوردستاندا بڵاو دەبیتەوە و چاکتر دەناسرێ و دۆست پەیدا دەکات و نیو پەیدا دەکا لە ئەنجامدا جگە لە ئاهەنگ و دانیشتنە تایبەتەکان و جگە لەو ئاهەنگانەی کە هەفتانە راستە و خۆ لە رادیۆ گۆرانی دەکووت و گۆرانی و ئەو ئاهەنگانە تومار نەدەکران بەڵام دواجار لەم ماوەیەوەیە * ٥٦ * گۆرانی بۆ ئیستکەی بەغدا تومار دەکات کە بە رای من ئەو * ٥٦ * گۆرانییە تەواوی گۆرانیەکانی ئەو ماوەیەی هونەرمەند (حەسەن زیرەک) نییە! چونکە تواناى زیرەک زۆر لەوە زورترە لە ماوەی شەش ساڵ تەنیا * ٥٦ * گۆرانی تومار بکات !؟ و ساڵی ١٩٥٨ لە گەڵ گۆرانی رژیمی پاشایەتی و لە بەرامبەر شەپولی بمری بژی بێ سەروو بەرە دا لە ناچاری کۆتایی بە هونەری قوناغی عێراق و ئیستکەی رادیۆی کوردی بەغدا دەهینێ و بە دڵێکی پڕ لە عەشق و هونەرو تاقیکردنەوەیەکی رادیۆیی باش و باخەڵێکی بەتاڵ دەگەریتەوە ئێران

رێکەوتی: ٢٧ی ئاگۆستی ٢٠١٥

## بەشی پێنجەم

### (حەسەن زیرەک) و (گەرانەوە بۆ ئیران)

زیرەک کە ئێرانی بەجێ هیشت و رووی لە عێراق و بەغدا کرد بێکەس و بێ کار و بێ ناو بوو کەس نەیدە ناسی! ئێستا کە گەراوەتەوە ئێران لە ئێران و عێراق لە هەموو کوردستان لە نیو هونەرمەندان زیرەک نەک هەر ناسراوە بەڵکە هونەرمەندیکی گەورەە ی کوردە و لە رێزی پێشەوەی هونەرمەندانی هەریمەکەیە ئێستا کە زیرەک گەراوەتەوە ئێران، ئێران لە سەرو بەندی دامەزراندن و گەشە پیکردنی رادیۆکانی تاران و کرماشان و تەوریز و مهاباد و سنە دایە زیرەک لەوێ لە گەڵ باشترین و بە تواناترین موسیقارەکانی ئێران لە کورد و فارس ئاشنایەتی پەیدا دەکات و بەتایبەت موسیقارە کوردەکان (حەسەن کامکار) و (موجتەبای میرزادە) و (محمد عبدولسەمەدی) و (ئەکبەر ئیزەدی) و (بەهمەن بولکی) و (حەسەن یاحەقی) و (حەسەن کەسایی) و (جەلیل شەهنازی) و (جیهانگیر مەلەکی) و (ئەحمەد عەباوی) سەرپەرشتی (هەمایونی شەهردار) و زۆرتر قوناغیکی تر لە هونەری خۆی دەست پیدەکات بە شێوەیەکی جیا لە شیوەی رادیۆی بەغدا قوناغی تازەی هونەرەکەی خۆی بە

ئاستێکی یەکجار بەرز لە شیعرو دەنک و ئاوازو کووتن و موسیقا و تومار کردندا داهینانەکانی خۆی تومار دەکات و ئەمجارە دەنکی زیرەک لە دیوی ئیرانەوە لە رادیۆکانی تاران و کرماشان و تەوریزدا بە جوانترین شێوە و بە خوشترین شێوە وەک بارانی هونەر هونەری بەرزی کوردی هونەری زیرەک دادە بارێ و رۆژ بە رۆژ زیاتر و چاکتر وولات داکیر دەکات.

ئێستا حەسەن زیرەک نەک هەر تەنیا گۆرانی بیژێکە! بەلکە هونەرمەندیک و کەسایەتیەکی دیارو ناسراوی ئێران و عێراق و ناوچەکەیە لەو سەروو بەندە (میدیای زەندی) دەناسێ و دەخوازێ و میدیا خانمیش گویندەی رادیۆ و خانەوادەیەکی هونەری و رادیۆی پێکدینێ و ئەو زیرەکە بێ جێ و بێ مەکانە لە تاران و کرماشان دەبیتە خاوەنی ماڵ و ژن و مناڵ و کار. کاریش کاری هونەری هونەریش لە بەرزترین ئاستی هونەر لەو رۆژانە بوو زیرەک لە گۆرانی کرماشان شاری شیرینم دا دەڵێ:

*کرماشان وەک بووک بوم رازاوە*
*ماندووی من تیدا حەساوە*

هەروەها لە گۆرانیەکی تر دەڵێ:

*بولبول ئەو ساڵ من زور بەختیارم*
*ساحیبی مەهتاب گوڵی بەهارم*

دەچریکینێ و دەڵێ: چەندم پێ خوشە ناو ماڵ و دیسان لە قسە کردنی کاسیەتیکدا دەڵێ: ژن و میردێکی بەختەوەر بووین بەڵام لە بەختی زیرەک و لە بەختی کورد و هونەری کوردی ئەم بەختیاری و ناو ماڵ و ژن و میردایەتیە! درێژە ناکیشێ و پێشهات بەجورێکی تر دەرگای مەینەت بۆ زیرەک دەکاتەوە و هەموو ئەمانەی لێدەستینیتەوە و تەنیا هونەرەکەی نەبێ! هونەرەکەش دەکەویتە قوناغیکی ترو جیا لە قوناغی رادیۆی بەغدا و رادیۆی تاران و کرماشان و تەوریز سەردەمێکی تری ئاوارەیی و دەربەدەری زیرەک دەست پێدەکات تا نێو کۆر بە دوایە وەدەبیت.

رێکەوتی: ٢٧ی ئاگۆستی ٢٠١٥

## بەشی شەشەم

### گەرمەی داهینان:

زیرەک پاش گەرانەوەی بۆ ئێران لە رادیۆی کرماشان دادەمەزرێ و میدیای زەندی دەخوازێ و دەبیتە خاوەن کار و خاوەن ماڵ و خاوەن خیزان لەوەش خوشتر لە گەڵ باشترین هونەرمەندانی موسیقا لە رادیۆی کرماشان یەکدی کردە دەبن و زیرەک بەو تاقی کردنەوەی کە لە رادیۆی کوردی بەغدا هەیبوو ئێستا لە نێو وولات و ماڵی خۆی زەمینە یەکی زۆر چاکی بۆ ساز دەبێ و ئەویش تەواوی لێهاتوویی خۆی دەخاتە کارو باشترین گۆرانیەکانی خۆی بە جوانترین شێوە و لە گەڵ گەورەترین هونەرمەندانی موسیقا تومار دەکات و رادیۆش بە توانایەکی باش و هەر بە گەرمی بە دنیادا بڵاو دەکاتەوە کویگران لە هەر جیگایەکی کە دەنگی رادیۆی پیدەکات بۆ خۆی رادەکیشێ و دەنگی زیرەک جەماوەرێکی زۆر بۆ رادیۆ پەیدا دەکات و گەرمیەکی جوانی هونگر و کار کردن دگخاتە نێو ماڵی رادیۆ کە لەوە و پێش رادیۆ گەرمی بەم شیوەیەی بەخۆیەوە نەدیبوو زیرەک ئەگەر لە گۆرانی گوتندا هگمیشە تیبی موسیقای بە دوای خوی رادگکیشا ئێستا لە گەڵ تیپی موسیقاو بە گۆرانییە پڕ لە داهینانەکانی تەواوی کارمەندانی رادیۆ و یەکە یەکی بەرنامەکانی رادیۆی بە دوای خوی رادەکیشێ و رادیۆش تەواوی کوردەکان لە هەر کوێ هەن و دەنگی رادیۆیان پێدەکات لە خۆی کۆ دەکاتەوە.

رادیۆی کرماشان دواجار لە سایەی دەنگی زیرەک و سەرکەوتنی بەرنامەکانی لە رادیۆیەکی ناوچەییەوە دەبێ بە رادیۆی هەموو میللەتی کورد سنووری شاری کرماشان و ئێران دەبڕێ و بە هەموو کوردستان دا بڵاو دەبیتەوە. ئێستاش کە ساڵی (٢٠١٦) ی زایینیە هەموو ئەوانەی کە ئەو سەردەمەیان لە بیرە خۆشیەکانی ئەو رۆژانەیان لە بیرماوە و بە شادییەوە یادی دەکەنەوە دەزانن دەنگی زیرەک سەرتوپی دەنگەکانی رادیۆ بوو.

حەسەن زیرەک هەر چەندە خۆی هونەرمەندێکی گەورە بوو گویگرو جەماوەریکی زۆری خۆی هەبوو ! بەڵام کە لە گەڵ میدیا دەبن بە ژن و میرد هەر دووکیان خیزانێکی هونەری پیک دینن و زیرەک وەک گۆرانی بیژو کارمەندی رادیۆ هەروەها بە هۆی میدیای زەندی خیزانی کە جگە لە گوینـدەیی و خوێندنەوەی هەواڵ ئەویش واتا میدیای زەندی لە زۆر بەرنامە هاوبەشی دەکرد و هەروەها بەرنامەی (ئیمە و گویگرەکان) ی پیشکەش دەکرد سەیر کە بە

سەردەمەی کە میدیا لە رادیۆ بووە و بەرنامەی پێشکەش کردووە خزم و ناسیاوی خوشی نامەیان بۆ بەرنامەکەی ناردبێ ئەویش وەڵامی دابنەوە . بەڵام ئەوەیە حالی هونەرمەندوو پێشکەش کاری کورد و لە رادیۆی تاران کە هەتا ئەگەر لە رادیۆکەی ئەوانیش سەرکەوتن و خزمەتی رادیۆکە و برنامکانیشیان بکەن! بەڵام چونکە کوردن ئەو خزمەت و سەرکەوتنەش جێگای گۆمانە!... دیارە بۆ زیرۆک میدیای زۆندی ئەو گۆمانانەی ساواک هەروەها نامینیتەوە! دواجار ساواک ئەم سەرکەوتنە هونەری و رادیۆییەی زیرەک و میدیا لەکەدار دەخات و ئەو خیزانە هونەریە لەبار یەک هەڵدەوەشینێ!!

ئەمە ئەگەر راپۆرت نووس راپۆرتۆکانی خۆی لەبارەی زیرەک و میدیا بۆ ساواک نووسیوە لە سەردەمی دوای پێکهینانی خیزان و دامەزراندنی هەر دووکیانە لە رادیۆ خۆ پێش ئەمە و لە سەرەتای گەرانەوەی حەسەن زیرەک لە عێراق دیسان ساواک هەر چاودێری زیرەکی کردووە راپۆرتی خۆی لە سۆر نووسیوە. لە بەڵگەی ژمارە ـ ١٧٥ / ٩ ب - م روزی ٣٠ - ٥ - ١٣٣٧ دا هاتووە (حەسەن زیرەک) لە ماڵی موزەفەر حەبیب سەبارەت بە خۆشەویستی ئالیا حەزرەت هەمایونی و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئیران و بیرورای خەڵک پرسیاری کردووە بۆیە بەر خورد لە هەمبەر ئەمە پێویستە لە گەڵیدا تەواوی وریایی بگیریتە بەر و کار و هەڵسورانی ئەو لە تاران بخریتە ژێر چاودێری چونکە دەگونجێ سەردان و هاتوو چوی ماڵی دکتور شیرازی بکات لەوەی کە ساواک گۆمان لە (حەسەن زیرەک) دەکات سەردانی ماڵی دکتور شیرازی بکات ئەو (دکتور شیرازی) یە وەک بەرێز دکتور یاسین سەردەشتی باسی کرد دکتور شیرازی زاوای پێشەوا قازی محمد بووە و هەروەها ئەندامی حزبی تودەی ئێرانی بووە. کە ئەم گۆمانانەی ساواک ئەوە دەسەلمینێ کە زیرەک خزمایەتی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە گەڵ کەسانی تێکۆشەر و نیشتیمانپەروەر هەبووە.

لیرە بە دەر دەکەوێ کە زیرەک باش گەرانەوەی لە ماڵی موزەفەر حەبیبی ویستوویەتی رادەی خۆشەویستی خەڵک بزانێ بۆ بنەماڵەی شای ئێران و پارتی دێموکراتی ئێران ئەمە زیرەک وەک کوردیک و نیشتیمانپەروەریک هەر لە نیو خوییدا ئەم پرسیارەی کردووە چونکە هیچ بەڵگە و گیرانەوە یەک باسی پەیوەندی زیرەکمان بۆ ناکات بە هیچ حزبیکەوە هەتا حزبە کوردییەکانیش هەروەها زیرەک لە کاسیەتیکدا بە خوی دەڵێ: *(نەحزبیمە و نەجاشم نە تودەم نە یولداشم و ناوی زور ریکخراو دینێ و دواجار دەڵێ کوردی بێ غەل و غەشم)* ئەوەی کە گرینگە ئەوە تا ساواک لە بەڵگەی خویدا دەنووسێ (لە هەمبەر ئەمە دا پیویستە لە گەڵیدا تەواوی وریایی بکیریتەوە و کارو

## بەشی یانزەهەم

### حسن زیرەک و کرماشان:

پاش گەرانەوەی زیرەک لە عێراق بە ئێران شاری کرماشان بۆ ماوە ی ٢ تا ٣ ساڵ جێگای حەسانەوەی زیرەک بوو کرماشان سەردەمی زیرینی تومار کردنی گۆرانییەکانی زیرەک بوو سەدمخابن ئەو سەردەمە زۆری نەخایاند و ئەو بەختیارییەی کە زیرەک لە گۆرانیدا باسی دەکات هەتا سەر نەبوو ئەو ناو ماڵەی کە زیرەک پێی خوشبوو لیی دوورکەوتەوە (ئارەزوو) و (ساکار)ی خونچە بۆ زیرۆک نۆبوون بە گوڵ زیرەک لە کچەکانی دوور کەوتەوە چاوەریی نامەی ئارەزوو بوو کە چی ئارەزوو نامەی نایە و مەهتاب یش دەرهەق بە زیرەک بێ مەیلە.

وەرە دڵێک بە کوردی لە دایک بوو‌بیت بتوانیت خوراگربیت و چاویک ئەم نوسراوەی (سەید حکیم بەرزنجی) بخوینیتەوە دڵ لە لیدان مەکەوە چاو لە رووناهی کویر مەبە کە خۆم خەریکە ئارەقەی شەرمەزاری هەموو گیانم تەر ئەکات ئەی برای کورد تف و نەحلەت کەن لەوە زارەتی روشنبیری...!!!

نیشتەجێ بوونی حەسەن زیرەک لە کرماشان نیشتەجێ بوونی هونەرمەندیک بوو لە جێگای شیاوی خۆی زیرەک کارمەندی رادیۆ بوو میدیای زەندی خیزانی ئەویش گۆیندەی رادیۆ بوو زیرۆک هاوکاری باشترین موسیقییەکانی ئیران و کورد بوو زیرەک هاورێ و دۆستی نووسۆران و شاعیرانی ناوداری ئەوکاتەی کوردستان و کرماشان بوو زیرەک لە نیو ئەم ئاو و هەوا گونجاوە باشترین بەرهەمەکانی خەی تومار کرد زیرەک لە کرماشان رەوتی هونەری کوردی و رەوتی سیاسی شاری کرماشانی کۆری!

ئەی تۆ وەزارەتی روشنبیری چێت بۆ زیرۆک کرد و چێت گۆری ..؟

زیرەک وەک هونەرمەندیکی لێهاتوو و بێ وینە رووی لە هەر جێگایەک کردبێ جا چ بە هەڵاتن و ئاوارەیی چ بە خۆشی کە ئەمەی دواییان زۆر کەم روویداوە زیرەک بە هونەرەکەی خزمەتی ئەو جێگایەی کردووە و ناوی ئەو

کرماشان شاری رەنگینی
جیگای فەرهاد جیی شیرینی
حەزدەکەی دایمە بیبینی
خۆشم دەویی کچە جیران

کرماشان شاری دڵ خوشی
کرماشان نەمکەی تۆ فەراموشی
شاری شیرین و سەرخوشی
خۆشم دۆویی کچە جیران

کرماشان تاریفی تۆم تەواوە
تیدا ماندووی من حەساوە
چوون وێنەی بووک بوم رازاوە
خۆشم دەویی جگە جیران

مقام: ....... وەفایی

بحەمدیلا گوڵی رەعنا شکاندی رەونەقی لەیلا
بڵێن مەجنوونەکەی شەیدا رەئیسی عاشقان بابێ
یا لەیل یا لەیل لەیل زەمانە
زەمانە بەزمی رەندانە بدە ساقی بە پیمانە
لەبەر تەعزیمی مەیخانە بڵێن پیری موغان بابێ

----------------

زیرەک شیعرەکەی پیرە مێرد بە تەواوی وەک خۆی و وەک ئەوەی کە زیرەک دەیەوێ تۆماری بکات بەڵام دیارە ئەوەیان لێ قەبووڵ نەکردووە بۆیە زیرەک دەستکاری شیعرەکەی کردووە و ناوی شاهەنشای هێناوەتە ناو شیعرە کە دێری یەکەمی پیرە مێردی وەک و خۆی گووتوە کە دەڵێ:

*ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە*

*جەژنێکی کونی کوردە بە خۆشی و بەهاتەوە*

لە پاش ئیم دیرە دەڵێ:

*چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە بێ بەر بوو تاکو پار*

*تا شەهەنشا لوتفی فەرموو هات لە گەڵ پالە و جوتیار*

دەبێ ئەوە بڵێین. کە هەموو میللەتی کورد ئاواتە خواز بوو زیرەک شیعرەکەی بەم دەنگ و ئاوازە بە تەواوی گووتبا دیارە زیرەکیش لە هەمووومان زیاتر وای حەز دەکرد بەڵام! حەز و واقیع هەموو کاتیک یەکتر ناگرنەوە زیرەک ئەوەندەی گوتووە کە بوی گوتراوە! پرسیاری گرنگ ئەوەیە! ئایا زیرەک ئەگەر بوی نەکراوە شیعرەکەی پیرە مێرد هەموو تومار بکات ئەوا هەر نەیگوتبایە و شیعرەکەی نەشیواند بایە و بە شاهەنشاهی دا هەلنەگوتبایە؟! یا ئەوەتە چاکی کردووە کە بەو شێوەیەی بوی کراوە شیعری نەورۆزی ئاوا گووتوە و ئێستا ئەو شیعرە بەرزە بەو دەنگە زولالە هەندیکی لە بەر دەستە!

رای نوسەران و هونەرمەندان و خاوەن رایان هەرچونیک بێت من دەست خۆشی لە زیرەک دەکەم و سوپاسی دەکەم کە ئەوەندەی بوی کراوە کردوویەتی! رەنگە هەندێ کەس بلێن جا ئەگەر چی دیرە شیعری یەکەمی بیرە مێرد کە شیعری نەورۆزە تومار کردووە ئەی چی لە بە شاهەنشادا هەڵگووتنەکەی بکەین؟! من دەڵێم بەڵێ راستە زیرەک بە شاهەنشای دا هەڵگووتوە بەڵام رۆژکار شاهەنشای بەلاناو ئەوەندەی کە لە سروودەکەی زیرەک بۆ ئەمرۆی کورد دەشێ ئەوە زیندووە و بە زیندوویی دەمینیتەوە ئێستا چەندین ساڵە نەورۆزی زیرەک ساڵانە نەورۆزمان خۆشتر دەکات و عەشقمان بۆ نەورۆز گەرمتر دگکات لە راستیدا لە گەڵ تومار کردنی سروودی نەورۆز لە لایەن زیرەکی

دەناسرێ و پتر دەکەویتە بەر چاوان و سەرزاران ئەمەش هویەکە کە لە نێو ئەم خەڵکە زۆرە کەسانێ هەبن کێشە بۆ زیرەک دروست بکەن!

کە بێگومان هەش بوون کە رەنگە زیرەک بەم گۆرانی کوتنە وای زانیبێ کە پشتێک بۆ خۆی پەیدا دەکات و دەتوانێ بە ردەوام بێت لە کار کردن لە رادیۆ و گۆرانی کووتندا جاریکی تر نەکەویتەوە ئاوارەیی و دەربەدەری بەداخەوە ئەو ترسەی کە ئەو گۆرانییەی پێ کووتوە دواجار لە ساڵی ١٩٥٨ لە گەڵ رووخانی رژیمی مەلەکی زیرەک تومار کردنی ئەم گۆرانییەی لێ دەبێ بە خاڵی لاواز و دەکەویتە بەر تانە و تەشەری ئەوانەی کە بە کەل شەپۆلی (بزی و بروخێ) کەوتبوون و ئەوانەی کە کاسیتی خوشترین گۆرانی هونەرمەند سیوەی رەحمەتییان شکاند هەر لە بەر ئەوەی کە لە گۆرانییەکدا دەڵێ: (تا نەڵێن کچە تیوە رەزوانە) لەو رۆژانە دا ئەم شۆڕشگێڕە لە زەمەن و لە ولات و لە کۆمەڵگە دابراوانە پیان وابوو هەموو هونەریک دەبێ لە خزمەت بەرنامەی ئەوان دابێ و لە گەڵ ئەوان دابێ هەر ئەوانەش تەنگیان بە زیرەک هەڵچنیوە و لە سەر گۆرانی (دەلیدەن لیدەن تەپلی شادومانی) دەهولی مەلەکی بونیان بۆ زیرەک لیداوە و زیرەکیان ناچار کردووە بگەریتەوە ئێران هەر مامۆستای هونەرمەند باکووری دەنووسێ: جا زیرەک ترسا نەبادا ئەفسەرەکانی شۆڕشیان هەڵگیرساند بێگرن و بڵێن: تۆ لە پیاوانی رژیمی پاشایەتی!!

زیرەک لە نێو ئەم کەش و هەوایە سیاسییە دا دەگەریتەوە ئێران لەو کاتەشدا ئێران زۆر پێویستی بە زیرەک دەبێت بۆ سەرکەوتن و بەردەوامی رادیۆکانی تاران و کرماشان و تەوریز بەتایبەت کە زیرەک بە هونەرمەندی و ناو و ناوبانگی و تاقیکردنەوەیەکی زۆر گەرایەوە ئێران لەویش هیندەی تر سەرکەوتوانە دەستی پێکرد و هەتا دەهات زیرەک سە رکەوتووانەتر بوونی خۆی دەسەلماند و لایەنگری زۆرتری بۆ خۆی پەیدا دەکرد ئەوە تا میدیای زەندی خیزانی زیرەک دەنووسێ: ئەو کاتە دەولەت نیازی بە دەنگی حەسەن هەبوو...!

ئەم پێویستییە دەولەتی شاهەنشاهی بە هونەرمەند حەسەن زیرەک و ئەو سەرکەوتنە بەردەوامانەی کە زیرەک لە هونەر و گۆرانی کوتندا لەو ماوە کەمە دا بە دەستی هێناوە بووەتە هۆی ئەوەی کە لەو دەوروو بەری زیرەک کەسانی هیبن چاویان بە زیرەک و هونەرەکەی هەلنەیێ و بە دوای (خالی لاواز) ی زیرەک دا بگەرین جگە لەوەش دەولەت ویستوویەتی زیرەک کە هونەرمەندێکی گەورەی کوردە بە تەواوی بخاتە خزمە ت دەولەت و بنەماڵەی

رەفتـاری دەولەتـی ئەو کاتـە لـە گەڵ حەسـەن دا کە لـە کـوردەواری و تەواوی دونیـا بـە تـایبەت عێـراق و ئێـران ناوبـانکی دەرخسـتبوو ئەوی تووشـی کەنـد و کوسبیکی زۆر کـرد بەتـایبەت لـە کاتیکدا کە دکتـور (شـیخ عابـدی) سەراجووددینی سەروکی بەرنامەی کوردی رادیۆی تـاران بوو کاتی حەسەن هاتبووە رادیۆ لـە مەیـدانی ئەرکدا (شیخ عابدی سەراجووددینی) بە دەرکاوانی دەستوردا بوو تـا حەسەن رێ نەدەنە زووری کە ئەم کارە لـە سەر دلی ناسکی حەسـەن هینـدە شوینیکی خرابی دانـا کە هیچ کـات نەگەرایگوە بـۆ رادیـۆی تـاران و بـە دڵشکاوی بیـێ و پیلاوی پیچایەوە بەرە و بەغدا بەڵام کاتێ گەیشتە بەغدا لەوییدا گرتیان و خستیانە بەندیخانەوە ...!

دەبێ بپرسین بۆچی ..؟ شوکرللەی بابان ئەم روشنبیرەی رادیۆ لە ئیران دەڵێ - ئیتر پیویستمان بە زیرەک نییە - !!

هەروەها بۆچی دکتور شیخ عابدی سیراجووددینی دەستوور دەداتە دەرکاوانەکانی رادیۆی تاران رێگا بە زیرەک نەدەن بچیتە رادیۆ ؟!!

کاری ئەم دوانە بەرامبەر بە هونەرمەند حەسەن زیرەک کاریک نییە لە خۆوە و بە میزاجی خۆیـان هەڵسوکەوتیان لە گەڵ هونەرمەندیکی گەورەی وەک زیرەک دا کردبێ ئەوان لە هەموو خەڵک زیـاتر و چـاکتر گەورەیـی و رەسـەنی زیرەک و هونەرە کەیان ناسیوە شوکرللەی بابان وەک گۆیندەیەکی رادیۆ کاری زۆری لە گەڵ زیرەک و دەنگی زیرەک دا کـردووە دکتـور عابـدیش کـە بەربرسـی بەشـی کـوردی رادیـۆی تـاران بـێ لـە هەمـوو کەس زیـاتر پێویسـتی بـە هونەرمەندیکی گەورەی کوردی وەک زیرەک هەیە! بەڵام ئەوەی ئەوان کردوویانە کاری زەوق و میزاجی نەبووە ئەوان کارمەندی دەولەتن و دەولەت چیبیان لێ بخوازێ ئەوە دەکەن ئەوە تا (عیسا بزمان) لە باسی چونییەتی دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان باسی شـوکرللەی بابـان دەکـات و راسـتی پەیوەنـدی ئەو پیـاوە بـە دەولەتـی شاهەنشاهی روون دەکاتەوە هەر (عیسـا بزمـان) باسـی سـاواکی بـوونی شـوکرللەی بابـان دەکـات و دەڵـی - ئەو خـوی واتـا شـوکرللەی بابان دەڵێ ساواکی بوون جیی شانازی بوونمە چونکە ئەوکـات هەمـوو کەس نەیـدەتوانی ببیت بـە سـاواک مانگانـە ٣٠٠ توومەنیـان وەردەگـرت - ئەم سـاواکی بـوونەی شـوکروللەی بابـان هەر بـۆ ئەوە نییـە کـە شـانازی پێـوە بکـات بەخوراییش مانکی ٣٠٠ تومەنیان نەداوەتێ بەلکە بۆ ئەوە بـووە کـە کاریـان بـۆ بکـات جـا ئەو کـارە بـا دەرکردنـی گەورەترین هونەرمەندی کورد و ئێران بیت هونەرمەند حەسەن زیرەک لە رادیۆ!!

**کێ پێ گەورە بێ و بەرە لابێ**

**وەک منی لێ دێ و زەحمەتە چابێ**

ئەم دیرە شیعرە حیکمەت ئامێزەی زیرەک دەمانخاتە بەردەم پیوانەیەکی وویژدانی زیندووی مرۆڤانەوە ئەم ووینەی پەنجەی تیا کەز تووە دەربرینی ئازاری ناخیەتی لە رێکەی هونەرە بەرزەکەیەوە کە جیش تی پێمان ئەڵێ حەیف کە کورد قەدری هونەرەکەم و منیان نەزانی

رێکەوتی: ١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

## بەشی حەڤدەهەم

## حەسەن زیرەک و هەتاوی خاک

دەگەریمەوە سەرباسی ئەو گۆرانیانەی کە ئێمە ئەمرۆ بەخالی لاوازی زیرەکیان دەژمیرین و زیرەکی پێ عەیبدار دەکەین من ئەوەندەی کە ژیانی زیرژکم خوێندبیتەوە و نەفسیەت و کەسایەتی ئەو پیاوەم ناسیبێ بە دڵنیاییەوە دەڵیم کە زیرەک لە کاتی گوتنی ئەم گۆرانیانە ویژدانی ئاسوودە نەبووە بەڵام زیرەک چی بکات کە زۆرجار گوتوویەتی: *شەشدەرم لێگیراوە و بێ هودە هەر مورە هەلداویم و بەتەمای دووشەشم*: هە ر بۆ ئازاری وویژدان و نائاسوودەیی دەروونی زیرەک زیرەک دواتر لە بۆنەی تر تۆلەی ئەم گۆرانییانەی کردووتەوە و سرودەکەی پیرە مێردی؛ نەورۆز؛ هەموو شیعرەکەی وەک خۆی گوتوتەوە و لە زۆر جیگاو گۆرانی تر بۆ سەلماندنی: کوردی بێ غەلوغەشی: خۆی موغامەرەی کردووە و ملی لە چەقۆخشاندووە تاوای لیهات هاوار بکات و بلێ: لە عیراق و لە ئێران جێگام نەبۆوە: لەوەش زیاتر ئەو گۆرانیانەی کە ئێمە ئەمرۆ لە هونەر و ژیانی زیرەک وەک خاڵی لاواز سەیریان دەکەین و لە کاتی خوشی زیرەک ئازاری رۆحی و ویژدانی بێ چەشتوون ئێستا ئەم گۆرانیانە لە رووی هونەرییەوە مردوون و کەس نایەوێ بیانبیستێ مەگەر ناو هێنان و باسکردنیان بۆ شکاندنی هونەری زیرەک !! دەنا ئەم گۆرانیانە وەک بەرهەمی هونەری سەیر ناکرین و لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتیشەوە بیزراون و مردوون تەنیا

سروودی، نەورۆز، نەبیّ ئەگەر خۆ لەبەر هەر هۆیەکیش بێت لێکۆلەرو هونەر دۆستان ئەمانە لەسەر هونەری زیرەک حێسیب بکەن! ئەوا هونەری زیرەک لە کۆی بەرهەمەکانی ئەوەندەی شاکار هەیە کە لە پێشی پێشەوەی هەموو هونەرمەندانی کورد و جیهانە و ئەم چەند گۆرانییە بە هیچ شیوەیەک لە کن ئەهلی نەزەریەک زەرە لە نرخی زیرەک کەم ناکەنەوە لە لایەکی ترەوە ئەم چەند گۆرانییەی زیرەک کە بەمەلیک و شای دا هەڵگوتووە وای لە دەولەت و دەستەلاتداران کردووە کە تەماعی لەوە زورتر لە زیرەک بکەن و دواجار زیرەک بکەن بەو زیرەکەی کە خۆیان دەیانەویّ! بەڵام زیرەک خۆراگرانە نەچوتە بن بار وەک خۆی گوتوویەتی بە تەنیا بەگز دەولەتدا هاتوتەوە و زورتر چوتەوە نێو خەڵک و توندتر کوردایەتی کردووە و بە شیعری:

*رۆلە کوردستان چاوی لە رێتە*
*نیشتیمان هیوای دوا روزی پێتە*

خەباتی هونەرمەندانەی خۆی گەیاندووتە لوتکە و بەمەش زیاتر دەولەت و دەستەڵات و خائین و ساواکی لە خۆ هار کردووە تا کار گەیشتە ئەوەی کە چەندین جار لێی بدەن و دوا جار زەهر خواردووی بکەن.

ڕێکەوتی: ١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

## بەشی هەژدەهەم

### نەیەتە زوورەوە پێویستمان پێی نییە...!

من پێشتر باسی ئەوەم کرد کە زیرەک لە ئێران و لە رادیۆکانی تاران و کرماشان چ سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هیناوە لە کاتیکدا ئێران و رادیۆکانی ئێران پێویستیەکی زۆریان بە هونەرمەند حەسەن زیرەک هەبووە ئەم پێویستیەش لە چەند کاریک دەردەکەویّ کە دەتوانم ئاوا یەک یەک باسیان بکەم.

ئەم گۆرانیانە بوو کە رۆژانە نزیکەی ٢٠٠٠ نامە بۆ بەرنامە کە دەهات و تەنانەت پولیشیان دەخستە ناو پاکەتەکە وەتا زووتر گۆرانی داواکراوی ئەوان بە دەنگی حەسەن بڵاو بکریتەوە و بەتیکرا تەواوی بەرنامەی کوردی لە سەر دەنگی خۆی ئەو دەسورا ئەو کاتانە رۆژانە دوو کەرەت بەرنامەی ئێمە و گوێگرەکان بڵاو دەبوویەوە حەسەنیک کە بە دەنگە خۆشەکەی ببووە هۆی درەوشانەوە و گەشەی بەرنامەکانی رادیۆی تاران و کرماشان و سڵاوی نامەی لایەنگرانی گۆرانییەکانی بەرە و ئیزگەکانی رادیۆ دەهات زۆربەی بەرنامەکانیش بەتایبەتی داوا کردنی گۆرانییەکانی حەسەن بوو.

رێکەوتی: ١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

---

## بەشی نۆزدەهەم

### زیرەک بوچ کەوتە بەندیخانە...!

دکتور شیخ عابدی سیراجوددینی کە دەرکەوانی رادیوی تاران رادەسپێرێ کە رێگەی هاتنە ژوورەوەی حەسەن زیرەک نەدەن! هەر چەندە بەداخەوە من مێژووی رووداوەکان نازانم و زنجیرەی رووداوەکانم بە ووردی بۆ روون نییە بەڵام هەر لەو سەرو بەندەیە کە ساڵی ١٩٦٦ حەسەن زیرەک کتیبی چریکەی کوردستان چاپ دەکات ئەم کتێبەش وەک گۆرانییەکانی زیرەک رەواج و داواکارییکی زۆری دەبێ لە کاتیکدا لەو ساڵانە چاپکردنی کتێبی کوردی کاریکی ئەستەم بوو کە ئەم کتێبە کوردییە چاپکراوە بوو بە رووداویکی مێژوویی لە لایەکی دیکەوە هونەری حەسەن زیرەک و ناوی چریکەی کوردستان لە رووییکی ترەوە روداوەکەی گەورە تر و کاریکەر تر کرد چاپکردنی چریکەی کوردستان بە جاریک دەولەتی لە حەسەن زیرەک توورە کرد وەک میدیای زەندی کووتویەتی و مامۆستا عبدولی حەمە باقی دەگیریتەوە دەولەت باش چاپ و بڵاو کردنەوەی چریکەی کوردستان فەرمانی گرتنی حەسەن زیرەکی دەرکردووە زیرەک بە ناچاری ماڵ و زن و مناڵەکانی بە جیدیلێ و خۆ ناداتە دەست وەک زیرەک لە کاسیتیکدا باس دەکات روو دەکاتە کوردستانی باشوور و دەچیتە ناو شۆرش دیارە لەوێ لە سەر ئاستی سەرکردایەتی و جەماوەرەوە رێزی زوری لێدەکیرێ و چەند ئاهەنکێکیش دەگیرێ و لەویش لە نێو گۆرانییەکانیدا بە پێشمەرگە و شۆرش و سەرکردە

کاندا هەلدەلێ! پاش ماوەیەک بە نیازی تومار کردنی گۆرانی روو دەکاتە بەغدای پایتەخت و دەچیتە ئیستکە! بە داخەوە لە ئیستکە پێشوازی لێناکەن و سەرکەوتوو نابێ لەوەی کە جاریکی تر لە رادیۆی بەغدا بچریکینێ مامۆستا عثمان شار باژیری لە کارەساتیکی سەمەرە باسی ئەم چوونەوەی زیرەک بۆ رادیۆی بە غداو پێشوازیکردنی رادیۆ لە زیرەک دەکات دەنووسێ: سالی ١٩٦٦ کە هاتووتەوە عێراق لە بەغدا جووەتە ئیستکەی کوردی لیژنەی پشکنینی گۆرانی داوایان لیکردووە سەر لە نوێ داوا پێشکەش بکا وەکو گۆرانیبیژوەر بگیرێ پاش ئەوەی نزیکەی سەدان گۆرانی تومار کراوی هەبوو تازە بە تازە وەکو یاری مار و بەیزە لە سەرەوە گەیاندوویانە تەلای کلکی مارەکە...!
جاوەرە سەری رەش لەم بەزمەی پییان کردووە سبی نەبێ بەلێ لیژنەی پشکنین بریار دەدەن دەنگی باش نییە - غیرسالح - هیجی بۆ تومار ناکەن! ئەمە چ یاسایەکە هونەرمەندیک پاش ئەوەی هەزاران گۆرانی هەیە لە باشترین گۆرانییەکانی رادیۆی کوردی بەغداو تاران و کرماشان و تەوریز و مەهاباد تازە بە تازە لە بەغدا لیژنەی پشکنینی بۆ دادۆنین و پاش تاقی کردنیوە لیژنەی نامۆبارەک بوی دەنووسن - غیر صالح - ئەم غیر صالح ە ی رادیۆی بەغداو دەرکا داخستنی رادیۆی تاران بە فەرمانی سەرۆکی رادیۆی کوردی تاران و دکتور شیخ عابد سراجوددینی و ئیتر پێویستمان پێی نییەی شوکروللای بابانی سەرۆکی بەرنامەی کوردی بۆ هونەرمەندیکی وەکو زیرەک نابێ بەریککەوتی تیبگەین.

هەر لەم گەرانەوەی حەسەن زیرەک دەولەتی عێراق دەیگرێ و هەژدە مانگ دەیخاتە بەندیخانە و ئازار دەدرێ ئازاریک بە زالمانە ترین شێوە و بە ناشیرینترین شێوە زیرەک زۆر بە برینداری و خەمەوە دەگیریتگوە کە چون لە نێوان بە غداو موسل و کەرکوک و هەولیر و سلیمانیدا لەو بەندیخانەوە دەیبەنە نێو ئەم بە ندیخانە (هینامیانە سلێمانی شەش مانگ مەخلەس لە ژێر ئەشکەنجە و تەعزیبی بەغدا بووم خوا رەحمی کرد لە هیچدا نەبووم خوا هاوار بەس من هاوار هەر لەم کاسیتەی ئەبو صباح زیرەک بەردەوام دەبێ دەردی دلی خۆی هەلدەریژێ هینامیانە کەرکوک بردمیانە موسل بە قەراغ هەولیری جواندا کە رویشتم ئەی هاوار کوردی هەولیر کەسی بە دەرەوە نییە لە حالم بپرسێ و بلێ: چ کارەی؟ لە ناو قەفەزی پۆلیسخانە دا تەنیا نەفەریک وەک خولە پیزەیان گرتبی هەژدە پۆلیس منیان برد ئەی هاوار لەم مالە بووم لەو مالە بووم تەماشام دەکرد پەنجەرەکانیان دیار بوو ئەمما ئەی هاوار بەشەر نەبوو بلێ حەسەن زیرەک بو کوێ دەبەن بەشەر نەبوو بلێ حەسەن زیرەک بوکوێ دەبەن باوکم بۆ من خولە پیزەم بەلێ ئەمما ئەمانە هەمووی بەد بەختییە قەیناکا هینامیانەوە کەرکوک ١٨ شەو لە بەندیخانەی کەرکوک بووم بو باوکم) پاش ئەم هەموو شار گۆرین و بەندیخانە گۆرین و ئازار گۆرینە لە عێراقەوە بەگیراوی

تگسلیمی ئێرانی دەکەنەوە هەر خاتوو میدیای زەندی لە پێشەکی چاپی دووەمی چریکەی کوردستان دا دەنووسی (لە ئێرانیشدا ساواکی ئەو کاتە گرتی و زۆری ئەشکەنجە دا کە بە دەنکی خۆی باسی ئەو کاتانەی تومار کردووە و ساواکیش لە بەڵگەیەکدا دەڵێ بە تاوانی جاسووسی خراوەتە بەندیخانە!؟!

رێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

## بەشی بیستەم

### حەسەن زیرەک گەورەترین هونەرمەندی کورد....!

بەڵێ حەسەن زیرەک گەورەترین هونەرمەندی کورد و لیهاتووترین هونەرمەند کە گەشەی بە رادیۆی بە غدا و تاران و کرماشان و تەوریز و مەهاباد دا. ئەم هونەرمەندە رۆزکاریک پایتەختی دوو دەولەتی بە دەنگە زوولالە کەی دەلەراندەوە و کەو کەوبار دەخوێنێ لە ئیستکەی رادیۆی بەغدا و تاران ئێستا هەر دوو دەوڵەت لە یەک کاتدا نەک گۆرانی بۆ تومار ناکەن دەرگای رادیۆشی بە روودا دادەخەن و لەوەش خراپتر لە بەندیخانەی دەپەستن و دوور لە هەموو یاسایەک بە جوریک ئەشکەنجەی دەدەن کە رووی گێرانەوەی نییە هەر یەکەش بە جاسووسی ئەوەکەی تری تاوانبار دەکات.

ئەم هەموو بەند کردن و ئازاردانە بۆ چی لەم دیوو و لەو دیو..؟
حەسەن زیرەک چی کردبوو جاسووسی نێودولتی بوو..؟
مافیا و پیاو کوژ بوو..؟ تریاک فرۆش بوو..؟ چ گوناهێکی هەبوو ..؟
زیرەک زۆر راستگویانە دەڵی: خوا کردی من لە هیچا نەبووم ..!

بەڵێ..! زیرەک هیچ گوناهێکی نەبوو لە هیچ دا نەبوو تەنیا گوناهی زیرەک ئەوە بوو هونەرمەندیکی گەورەی کورد بوو دەیویست بە ئازادی بۆ کورد بخوێنێ دەیویست بەو هونەرە بەرزە کە بە ئازار پێی گەیشتووە دڵی خەڵکانیک

جەوابی بدەمەوە بەڵام! ناویرم چونکە ئەوەندە یان لێداوم هەرجارەی بە بەهانەیەک ئەی بۆ نالین دەمیکە کاکی میوان گۆرانی دەڵێت و منیش کوێم بۆ شلکردووە ئەزانی جەوابە کەشیم ئامادە کردبوو کە لێی دەپرسن توخوا زیرەک وەڵامە کە چی بوو زیرەک دەڵێ...!

لایە لایەت بۆ دەکەم با غیرەت بتباتەوە
دەست کەیتە تفەنگی برنەو شەو تا ڕۆژ بەیالەوە
جا کەوش ئەبووم بەپاتەوە

بەڵام بەراستی ئەگەر شتیکم کوتبا چ لە شەو زووتر نەبوو سەت جووت شەقیان تیم هەڵدەدا و بەهانەیەکی چاکیشیان بۆ دەدوزیمەوە.

لێرە لەم قسانەی زیرەک بە دەردەکەوێ کە لەویش لە کانی مەلا ئەحمەد چایخانەی حەسەن زیرەک زیرەک هەر لە ژێر چاودێری ئیتلاعات و ساواک بووە ئەگەر شتێکی کوتبێ و بەدڵیان نەبووبێ هەنجەتیکی دروستکراویان بۆ دۆزیوەتۆوە و خراپ لێیانداوە

ڕێکەوتی: ١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

## بەشی بیست و دووهەم

### دیسان لیدان...!

کانی مەلا ئەحمەد ئێستا بە کازینوی حەسەن زیرەک دەناسرێ حەسەن زیرەک هونەرمەندیک لە عێراق و ئێران لە سەر ئاستی فەرمی و خەڵکەوە ناسراوە زۆر کەس بە هونەرمەند و رۆشنبیر و خەڵکی ئاساییەوە لە کورد و فارس و تورک و هەموو خەڵکی ناوچەکەوە ئاواتە خوازن لە نزیکەوە زیرەک ببینن و کوێیان لە دەنگی ئەو هونەرمەندە

کاکە وابزانم ئەگەر چێتر لێرە بمینێنەوە لە وانەیە شەویک هەر بشمانکوژن!! کوتم: ئاخر چێبووە چێ روویداوە با منیش بیزانم؟! رابیعە خانم کوتی: ئەمشە و ئەوەندەیان بە لوولەی تفەنگ لە زیرەک داوە و هەرچێ پوولیشمان هەبوو هەموویان لێ سەندووە و هیچمان نەماوە میرزا کەریم دەچێتە کانی مەلا ئەحمەد بۆ لای زیرەک سەیر دەکا زیرەک لە سەر کورسیەک دانیشتووە چاوی بە میرزا کەریم دەکەوێ دەزانێ بۆ زیرۆک پەروش و نارەحەتە بە پێکەنینەوە دەڵێ ئەمە بە هاوارمەوە هاتووی؟

میرزا کەریم دەڵێ ئەوە چێت بەسەر هاتووە؟

زیرەک دەستی بۆ کراسەکەی بردو هەڵێدایەوە و کوتی: سەیرکە کاکە بزانە چیان بەسەر هێناوم! کە سەیری سینە و پشتیم کرد موچرکە بە بەری پێمدا هات و لە توقی سەرم هاتەدەرەوە جێگای هەر لوولە تفەنگی لیان دابوو وەک بلێی بە بویەی شین ژمارە بێنجی لە سەر سنک و پشتی نووسرابێ وا بوو جێگای قونداغی تفەنگ بە پانی و درێأی قوناغە کە پشتی زیرەکی شین و مۆر کردبوو.

کوتم: زیرەک ئەتوو ئەوانەت دەناسی؟

کوتی: بە خوا نەمناسین بەڵام کورە جحیلێکی بالا بەرزیان تێدا بوو زۆر لایەنگری لێوە کردم بەراستی ئەگەر ئەو نەبووایە شپرزەیان دەکردم زۆرتریش هەتیوێکی خرکەلەی چوار شانەی شروری تیدابوو زۆر بەبێ ویژدانی لێیدام ئەو هەتیوە پیسە هەر هات و غاری دایە ژوورەوە و شوشەیەکی ویسکی کوبەیی هەڵپچرێ و نای بەدەمیەوە و لاسایی عیسابەکانی سینەمای دەکردەوە و خۆی بە من تاقی دەکردەوە دەم نا دەم فریکی لە ویسکیەکەی دەداو پشتی لیوی خوی دەستریەوە و دەهات لوولە تفەنگێکی لە سینکی من دەکوتی و شووشە ویسکیەکەی دەلەقاندەوە و فریکی تری لیدە دایەوە و سەیرێکی منیشی دەکرد و قسەیەکی زۆر ناخۆشی پێدەکوتم منیش زۆرم پێناخۆشبوو ئەو هەموو لێدان و ئەوانی تر و پوول بردن و قسەی ناشیرن بە لایەک دیمەنی ئەو ناپیاوە بە هەمووی هەبوو حرس گرتبوومی و خۆم بۆ رانەگیرا و کوتم ئاخر هەی ناپیاوی نا ئینسان ئەتوو دزی یان ویسکی خور؟ ئەگەر مەشروب خوری بۆ لێمدەدەی وەرە دانیشە با خوراکیشت بۆ بینم زۆریشت خزمەت بکەم زۆریش بخورەوە وەک پیاو کاکە هەر ئەوەندەم کوت و شووشەکەی دانا و کوتی هەی پیرە دایکت ....... ئەوە دیارە منت بە بیاو دانە ناوە!! ئەمجارە بە

هەر دوو دەست تیم بەر بوو ئەگگر ئگو کوڕە بالا بەرزە نەبووایە بە خوا شری دەکردم کوتم: هاتوونەتە سەرت هەموو لەشیان شکاندووی سەرەرای ئەو هەموو لێدانەش مەتحیان دەکەی؟

کوتی: راستە ئەو نەوعە کەسانە هی مەتحکردن نین بەڵام دەکوترێ ئەوەیان لە مەیان چاکترە بەڵام چاکیان تیدا نییە!

کوتم: شکاتت نەکردووە؟

کوتی: لە پێش تۆ ژاندارمەرەکان لێرە بوون و بازجویان لێ کردم بەڵام خۆناشویرم بڵێم وەک مەسەلەکەیە کابراش دەکوژن و لە گەڵ جەنازەکەشی دەرون!!

کوتم: زیرەک ئەتوو دەزانی بۆچی لێت دەدەن بۆ چی بە من ناڵێیت؟ بە دڵێکی پڕ باوەر سەیرێکی منی کرد و کوتی: ناویرم دەردی خەم بە کەس بڵێم بەڵام هەلبەت شت لە تۆ ناشارمەوە ئەگەر توزیک سەبر بکرێ و پەلەم لێ نەکەی تا وەختی خۆی دێت.

کوتم: یەعنی چی کاکە کیان قسە کردنیش سەبری دەوێ؟!

کوتی: پێم نەکوتی وەزعی من وەزعیکی معمولی نییە و ناویرم دەردی دڵی خۆم لای هەموو کەس بکەم بەڵام رۆژیک دادیت پڕ بەدەم هاوار بکەم و خەڵکیش حاڵی بکەم کە بۆچی نایەلن لە هیچ شوێنیک جێگام ببێتەوە هەر وەختیکیش ئارەزویان لێبێت ئەوە بەهانەیەکم بۆ دەدۆزنەوە تیرو برم تێهەلدەدەن و دەرونەوە دوو سێ رۆژ هاتوو چویان پێکردە ژاندارمەری کە کوایە تۆلەی بۆ لە تاوانکارەکان وەردەگرنەوە پاش ئەو هەموو بازجویە و هاتوو چوو کردنە پێان کوت: کاکە ئەتوو چ دەکەی لەو چول و دوورە شارە؟ بە قسەی ئێمە دەکەی برۆ جێگایەکی تر بۆ خۆت کاسبی بکە باشترە! هەتا شەویک نەیانکوشتووی دوایی زیرەک بە ناچاری سەری خۆی هەلدەکرێ و بار دەکات.

زیرەک بەم دواییە زۆر نارەحەت بوو وەک جاران کە خەڵک حەزی دە کرد قسەی لە گەڵ بکات هەمیشە دەم بە

پێکەنین و روو خۆش و شوخی و باز بوو. بەڵام! ئەم ماوەیە هەر وەک بڵێی حەسەن زیرەک ی جارانیش نەبوو.

شەڕ پێفروشتن و لێدانی زیرەک بەردەوامە ئەمجارەیان زۆر روونە کە کین ئەوانەی لە زیرەک دەدەن رابیعە خانمی خیزانی زیرەک بە میرزا کەریم دەڵێ: ئەگەر لیرە بمینین دەترسم شەویک بشمانکوژن لە وەڵامی زیرەک بۆ میرزا کەریم کە دەپرسی شکاتت کردووە؟ زیرەک دەڵێ: ناویرم بڵێم وەک کابرا دویکوژن و لە دوای جەنازەکەشی دەرون هەروەها زیرەک دەڵێ: رۆژی دێ بۆ هەموو خەڵکی باس بکەم پاش هینان و بردنێکی زۆر ژاندارمەری لە جیاتی ماف وەرگرتنەوە و پاراستنیان بە زیرەک دەڵێن: لەو شوێنە چول و دوورەی شار مەمینن با شەویک نەشتان کوژن!!

زیرەک زۆر راست دەکات کاتی دەڵێ: لە هەموو عێراق و ئێران جێگام نەبووەوە ماندوو بووم. هیلاک بووم.

*جێم نییە تیبیدا بسرەوم خاکم بە سەر بیلانە خۆم*
*بێ کەس و بێ دەر بێ یار و هاودەم بێ مەی و مەیخانە خۆم.*

ئەگەر بە ووردی سەرنجی قسەکانی زیرەک و رابە خانم و ژاندارمەری بدەین! ئەوا دەبینین وشەی کوشتن!!! لای هەرسێکیان دووبارە دەبیتەوە هەرچی زیرەک و رابە خانمە گەیشتوونەتە ئەم باوەرە کە ئەم هەموو لێدانە بە خوراییەوە ئەم هەموو شەڕ پیفروشتنە بێ بەزەییانەی ساواک و ئیتلاعات زەدەی ئیتلاعات کۆتایی نایێ و ئەنجامەکەی کوشتن!!!ە!! هەر واش دەرچوو.

هەرچی ژاندارمەری شە ئەوە وەک ئاگادار کردنەوەیەک ترساندنیک پاش ئەم هەموو لێدانە!! بە کەفی کوشتن دەیترسینن و بە هیما پێی دەڵێن ئەوانەی کە لێیانداوی دەشتوانن بتکوژن!! بەڵێ! دواجار توانیان دەرمانخواردیان کردوو و کوشتیان.

*هەتا جەوان بووم فرە بیر نەبووم*
*دەمکرد راوی باز سونە گیر نەبووم*

رێکەوتی: ٩ی دێسەمبەری ٢٠١٥

# ئایا حەسەن زیرەک هونەرمەند بوو؟



**ئەحمەد ئەمانی**

له هەمان سەرەتاوە کە یادداشتەکەی دوکتور بیننەدە دەیخوێنینەوە دەکەوینە بیری لێکۆڵینەوە نایابەکانی بنیامین لە هونەر، واتا شتی زۆر ناوازەت لە حەسەن زیرەکدا دۆزیوەتەوە، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوە ڕەخنەی جدیی لەسەر ساخ دەبێتەوە:

ڕەخنەی ئەدەبی - هونەری بنیامین و ڕەوتی فەلسەفی ڕۆژئاوا بە گشتی، بە هگلیشەوە کە دواجار حوکمی مردنی نیگارکێشی دا، لەسەر هونەرێکی ڕەسەنە، واتا هونەرێک کە بەڕاستی بە بێ ئەملاولا هونەرە، ئێستە ئەم پرسیارە دێتە ئارا، ئایا کۆی گشتی هونەری کوردی بەدەر لە نووسین و مۆسیقا توانیانە بەو ڕەسەنایەتییە بگەن؟ لە ڕاستیدا بێجگە لە هونەری مۆسیقا و نووسین نەبێت هونەرەکانی دیکەی کورد هێشتا بەو مانا دروست و پتەوە هونەر نین و ئەمەش بابەتێکی جیاواز لەم بابەتەیە کە ئێستە بە بۆنی حەسەن زیرەکەوە دەورژێت.

بەڵام خودی ئەمەش یەک شتمان بۆ ڕوون دەکاتەوە؛ ئێمە لە دوو بورای مۆسیقا و نووسین زۆر بە ئاسانی و بە بەراوردکاری دەتوانین ڕاست لە ناڕاست جیا بکەینەوە و لەم نێوانەدا چی دیکە کەسایەتی حەسەن زیرەکەکان ناتوانێت ئێمە دەروێش ئاسایی و جارێکی دیکە بۆ بن دەستی بێ زانستی بوونی خۆیان ڕابکێشنەوە و شتە بێ

کەسێکی دیکە پەروەردە بکات، خودی پەروەردە کردن لە سەر بنەمای دوباره کردنەوە دامەزراوە، واتـا کۆی گشتی زانستی مرۆڤ یـانی دوبـاره بوونـەوە، کەواتـە ئـەم ئەفسـانەی کـە حەسـەن زیـرەک چیهـا گـەوره بـوو کـە چـی دیکـە دووباره نابێتەوە پڕە لە چەواشەکاری سۆزی ڕۆحی کوردی، نـەک هونـەری بـوون یـان ئـاخۆ زانستی بـوونی حەسـەن زیرەک.

حەسەن زیرەکەکان زەوق و تڕ و پۆپی ئان و ساتێکی ڕۆحیانەتی کۆمەڵگایەکە کە دەبێت تێپەڕ بێت، کاتێـک کـە ئەم ئاستە ڕۆحییە تێپەڕ دەبێت چی دیکە ئەو ئاستە ڕۆحییە بوونی نامێنێت تاکوو دووباره حەسەن زیرەکێکی دیکە بخوڵقێنێت و لەسەر ئەم خوانە ببێتە هونەرمەندی ئەفسـانەیش، هـەر بۆیـە حەسـەن زیرەکەکان چـی دیکـە دوبـاره نابنەوە، بەڵام لە ڕەوتی سەی ئەسکەر بڕوانن؟ بە دوای خۆیدا مامڵێ دێنێت، کامکارەکان دێنێت، کەمەنـدی دێنێت و دواجار کەسانی وەک عەدنان کەریمەکان و ئەم ڕێگە بەردەوام درێژەی هەیە.

تکایە با هەڵـە نـەکین ئەمە بـەو مانـا نییـە کـە مۆسیقای فولکلۆر جێگـەی گومانـە، نـەخێر هـەمان گۆرانییـەکانی حەسەن زیرەک کەسی وەک کامکارەکان یان مامڵێ دەتوانێ بە باشـترین شـێوە و بیرلێکـراوە دایبرێژێتـەوە و کـەڵکی لێببـات، کێشـە خـودی کەسـایەتی نازانسـتی و سـۆزتێوەگلاوی حەسـەن زیرەکەکانـە کـە بەوپـەڕی سەرسـووڕمانەوە کۆمەڵگاکەشیان بـەناوی هونەرمەنـدی ئەفسـووناوی داگیـر کـردووە، بـەڵام ئـەوەی بەڕاسـتی گـوێی مۆسیقایی ببێت ناتوانێت ڕۆژانە بۆ ١٠ دەقەش بووە، گوێ بداتە دەنگە مامناوەند بۆڕەکەی حەسەن زیرەک.

ئـەم خەسـارە تـاکوو ئێسـتە ئـاوڕێکی وەهـای لێنـدراوەتـە، بـەڵام زۆرکەسـی دیکەشـی لـە نێـوان ئـەم دوو ڕەوتـەدا کردووەتـە قوربـانی خـۆی، بـۆ نموونـە هونەرمەنـد ناسـر ڕەزای بەڕاسـتی لـەو دەنگـە بەهێزانەیـە کـە دەیتـوانی پێگەیەکی مامڵێ ئاسایی و بگرە بەهێزتریشی هەبێت، بەڵام بە هۆی کەسایەتی و ئەو دۆخەی کە ئەم هونەرمەندە تێیدا ژیاوە، بەردەوام لە نێوان زانستی بـوون و حەسـەن زیرەکـان گیـری کـردووە و وەک بڵێـی ناسـر ڕەزای زۆر بـە باشی و بە وردی دەزانێت کە مۆسیقای زانستی یانی چی، بەڵام لەولاشەوە چۆکی بۆ حیماسەتی سـۆزیی ڕۆحیانـەتی کوردی و حەسەن زیرەکەکان داداوە و بەردەوام بەم هۆیەشەوە ڕەزاری و هونەرەکەی لە نێوان ئەم دوو شتەدا خوار و ژوور دەکات و فارس وەتەنی نە ڕوومیە نە زنەگی زەنگی و بەم جۆرە ڕەزازی قوربـانییـەکی تـراژیکی کـەرتی هونەری کوردییە.

خۆ گێل کردن و خۆشاردنەوە لە خەساری حەسەن زیرەکەکان نەک هەر هیچی پێنەداوین کە بە ئاشکرا دەبینین کە ئەم نەقد نەکردنی حەسەن زیرەکانە، مۆسیقای کوردی و تەنانەت فۆلکلۆری کوردی بۆ ئاستی نزمی وەک سمایل سەردەشتی و عەزیز وەیزسییەکان دابەزاندووە، واتا براون چیها فۆرم و ملۆدی جیاوز تەنانەت لە مۆسیقای فولکلۆری کوردییدا بوونی هەیە، بەڵام چۆنە کە کەسێک وەک سمایل سەردەشتی و عەزیز وەیسی هەموو ئەم هەنبانە دەوڵەمەندەیان بۆ ریتمێکی تێکراری و بێ بنەمای ئۆرگی کورت کردووەتەوە و هەر هەموو مێشکی جەماوەری کوردیان بەم ریتمە فاشیلە نەفامەوە تەونیوە، ئەم خەسارە بەڕاستی کێشەیەکی مەعرفی گەورەیە و نارکرێت چی دیکە بە هۆی تڕ و پۆپی سۆزی کاتی بۆ حەسەن زیرەکەکان وەها لێخۆش ببین و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ماملێکان و عەلی مەردانەکان زیاتر لە گۆڕ بنێین.

کەواتە بە گشتی ئەم لێکۆڵینەوەی جنابی دوکتور نەک هەر لە جێگەی خۆی نییە، کە تەنانەت خەسارداني بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە بە کەسێکی کیج ئاسایی ئەم کۆمەلگایە کە دیسانەوە وەک دەیبینین خۆی لێکۆڵینەوەکەش تووشی سۆزگەرایی بووە و برێک تەحلیلی ئەفسانەیمان دەخاتە بن باخڵ و لە هەمووشی نالەبارتر ئەوەیە کە لە ڕێگەی ئەم تەحلیلەوە بۆ جارێکی دیکە حەسەن زیرەک دیسان هەمان داگیر کردنی کۆمەڵگا، سەر لە نوێ داگیر دەکاتەوە و مامڵێکان لە ژێر ئەم ئەفسانە درۆزنانەی خۆی دەشارێتەوە و ڕۆحیانەتی کۆمەڵگای کوردی دیسان و دیسان لە فامی هونەری ڕەسەن(زانستی) هەنگاوێکی دیکە دوور دەخاتەوە.

سەرچاوە: سولی ئۆن وێبلاگ - ڕێکەوتی: ٨ی ئاگۆستی ٢٠١٦

**خوالێخۆشبوو حسن زیرەک کە تا دوا هەناسەی ژیانی گۆرانی بۆ خەڵک چڕی؛ ئاوا باسی خۆی و هونەرەکەی دەکات:**

## قسەکانی زیرەک بە دەنگی خۆی

" لێرە لە کێوو شاخێکدا... لە بەینی دوو سێ کێو دا چای خانەیەکی پرتوکاو و ناخۆش و حەجاییم هەیە ئەگەر بێن تەماشا بکەن عەجایب دەبن کە چۆن من لێرە دەژیم، ناپێم خۆشە کاسپی لێ دەکەم چون هونەر لە نێو کوردا قەدری نەما بۆ من بەهرەیەکی نەدا هونەر بۆمن کارێکی نەکرد کە بە شوێنی دا بچم. چون کوردم و بەزمانی کوردی قسە دەکەم ئەوە خەریکم دوو سێ گۆرانی بەم زەمانی پیریمەوە وەختی پیریمەوە دەڵیم بۆ ئالەم بۆ ئاخری مەرگم، کە نزیکە و زەمانێکە خواحافیزی یەکجاری بکەم بچمە ژێر گڵەوە کە بەشەری کورد نەبینم. سلاو دەکەم لە هەموو شارەکان و...."



**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕێکەوتی: پووشپەڕی ٢٧١٨ی کوردی - جوونی ٢٠١٨ی زایینی**